

# منداڵان
# بۆ بژێوی ژیان لەشفرۆشی دەکەن

**راپۆرتی عەدنان بابلی**

**وەرگێڕانی: کاکەمین کەمال**

راپۆرتێکی تازە کە لە لایەن تۆڕی یەکگرتووی راگەیاندنی هەرێمی دەربارەی کاروباری مرۆڤایەتی کە بەهاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچووە، ئاشکرایکردووە کە بازرگانیکردن بە سێکس لەگەڵ منداڵان بووەتە داهاتی سەرەکی بۆ ژیانی هەندێ خێزان، راپۆرتەکە ژنێکی عێراقی بە نمونە وەردەگرێت بە ناوی "ئوم زەکەریا" کە هەژاری وایلێکردووە داواکاری کەسێك پەسندبکات کە لە تۆڕەکانی لەشفرۆشی کاردەکات، بۆ ئەوەی رازیببێت هەردوو منداڵەکەی لە ناو تۆڕەکەیدا بەرامبەر بە برێکی دیاریکراوی پارە کاربکەن، بەپێی راپۆرتەکە دایکی زەکەریا دەڵێ: مێردەکەم توانای کارکردنی نەماوە، پێش مانگێك سەرکردەی یەکێك لە مافیاکان هاتەماڵمان، برێك پارەی بۆ هێناین بەرامبەر بەوەی رێگە لە منداڵەکانمان نەگرین کە کاری لەگەڵدابکەن، بە سوپاسەوە منیش خستنەرووی پارەکەم پەسەندکرد، ئێستا داهاتو دەسەکەوتێکی باشمان هەیە. هەروەها گوتی: لەوانەیە خەڵك ئەمەیان بەلاوە سەیربێت، بەڵام لانی کەم ئێستا ئێمە دەتوانین بژین، ، هەردوو منداڵەکانم خۆیان بۆ کریاران نمایشدەکەن، من شانازیان پێوەدەکەم، بۆ ئەوەی بەرامبەر ئەنجامدانی هەر کارێکی سێکسی برێکی دیاریکراو پارەمان دەستبکەوێتو پێداویستیەکانی خێزانەکەمان فەراهەم ببێ. جگە لە عیراق راپۆرتەکە سێ رووداوی تریش دەخاتەروو، یەکەمیان لە هۆڵەندا، ئەوانیتریش لە کوێتو مەغریب. ئەم رووداوانە پەردە لەسەر دیاردەیەك هەڵدەماڵن کە خەریکە ببێتە سیمایەکی دیاری جیهانو نیشتمانی عەرەبی، ئەویش سێکسکردنە لەگەڵ منداڵان و پەککەوتوان.

لە هۆڵەندا راپرسیەکان ئەوە دەردەخەن کە بەلانسی پارتێك لەناو کۆمەڵگای هۆڵەندیدا لە بەرزبوونەوەیە کە بانگەشە بۆ رێگەدان بەم جۆرە رەفتارە دزێوانە دەکات، ئەم پارتە ناوی ( حیزبی ناکۆکیو سەربەستیو خۆشەویستی برایانە)یە لە ساڵی ٢٠٠٦ دروستبووە، وەکو هەموو پاتە سیاسیەکانیتر دادگا مۆڵەتی کارکردنی پێداوە. بەلام لە کوێت دادگای تاوانەکان لە مانگی رابردوودا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەر"وحش حولی" دا سەپاند کە پیاوێکی میسریەو تاوانبارکراوە بە ئەتککردنی شەرەفی هەژدە منداڵی کوێتی. رووداوێکیتر دانپیانانی منداڵێکی مەغریبیە کە لە ساڵی ٢٠٠٨گەشتیارێکی ئەڵمانی کە ناوی "مینیك رۆڵف"ە لەناو ئوتێلی"تفوکس" بەرامبەر بە ١٠٠ درهەمو پاکەتێکی جگەرە لە دواوە لاقەیکردووە، پاسەوانێکی ئاسایش هەستی بەوەکردوە کە ئەڵمانیەکەو منداڵە بێسەرپەرشتەکە لە دەرگای پشتەوەی ئوتێلەکە چوونەتەوە دەرەوە کە بەسەر کەناری دەریا دەروانێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە پارتە هۆڵەندیەکە هەوڵدەدات کە لە رووی یاساییەوە رێگریەکانی سێکسکردنو رابواردن لەگەڵ منداڵانی تەمەن یازدە ساڵو ئاژەڵان ئازادبکرێت. ئەندامانی ئەم پارتە دەڵێن: ئەم پرسە دوای ئابرووچوونەکەی " مارك دوترۆ" سەبارەت بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان لە بەلجیکا ساڵی١٩٩٦ یاساخکراوە، پارتەکە لە هەوڵی ئەوە

دایه كه وێنەی نەرێنی سێكسكردن لەگەڵ منداڵان بگۆردرێتو وا باسنەكرێت كه ئەمه جۆرێكه له سادیزم.

"وبیت فیلیكس" كه یەكێكه له ئەندامانی پارتەكه له باشوری هۆڵەندا سەرپەرشتی چالاكییێكی خۆپیشاندانی١٠ كەسی كرد كه بانگەشەیان بۆ پرانسیپەكانی پارتەكه دەكرد، له لێدوانێكدا بۆ سایتی "ئیلاف" دەڵی: چالاكیەكانی حیزبەكەمان تەنها له چوارچێوەی هۆڵەندا ناگیرسێتەوە، له داهاتوودا چالاكیەكانمان سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە، چونكه پرانسیپەكانی پارتەكەمان بۆ هەموو ئەو ولاتانه دەشێت كه سێكسكردن تیایاندا كەمه، به تایبەتی ولاتانی جیهانی سێیەم.

دادگای بەلجیكیش حوكمی بەسەر "مارك دوترۆ" دا سەپاند كه له ساڵی ٢٠٠٤ تاوانباركرابوو به كوشتنو دەستدرێژیكردنه سەر منداڵان، "دوترۆ" له نەوەدەكان دەستدرێژی كردبووە سەر شەش منداڵو چواریشی كوشتبوون، له ناویاندا دوو مندالی كچ بوون كه تەمەنیان هەشت سالان تێنەپەریبوو، هەروەها له باخچەی ماڵەكەی چەند تەرمێك دۆزرانەوە،"دوترۆ" دانی بەوەناوه كه ئەوه تەنها بەشێكه له زنجیرەیەكی بەرفراوانی چالاكیو دەستدرێژی سێكسی بۆسەر منداڵان، بەپێی پشكنینی پزیشكی دوو كچەكه تەمەنیان هەشت ساڵ زیاتر نەبووە، هەروەها دەركەوتووه كه تاكوو مردن له خواردن بێبەشكراون.

گومانی تێدانیه كه نەتەوه یەكگرتووەكان هەستی به قەبارەی ئاریشەكه كردووەو كەوتۆته هەوڵی چارەسەری ئەم دیاردە شازانه. راپۆرتی شارەزایان كه ناوەندی سەنتەری ژنان له نەتەوه یەكگرتووەكان له ساڵی ٢٠٠٧ خستیانەروو، حكومەته عەربی و ئیسلامیەكان پەسندیانكرد، له راپۆرتەكه هاتووه، مافی هەر منداڵێكی تەمەن لەخوار هەژده سالانه كه خۆی ئەوه دیاریبكات كەیو چۆن له رووی سێكسیەوه چالاكو ئامادەدەبێت، راپۆرتەكه پێشنیازدەكات كه سێكسكردن پارێزراوبێتو هۆكارەكانی قەدەغەكردنی سكپری له قوتابخانەكان فەراهەمبكرێتو خزمەتگوزاری لەباربردن به شێوەیەكی راگەیەندراوو یاسایی له نەخۆشخانه فەرمیەكان كه پێی دەڵێن "لەباربردنی سەلامەت - الاجهاض الآمن " دابینبكرێت.

له رۆژگاری ئەمرۆدا تۆریستی سێكسی منداڵان تەنها وەكو خەیاڵێك نەماوەتەوە، بەڵكو ئەم پرسه وەكو زاراوەیەك به شێوەیەكی فەرمی لەناو مینبەرەكانی نەتەوه یەكگرتووەكان باسدەكرێت، ئەم وشەیه لەیاساو دەستوورەكانی ولاتان وەكو حاڵەتێكی راستیو باو كه رۆژانه روودەدەن دەخرێتەروو.

"كامل حوسێن" كه پەنابەرێكی سیاسی عیراقیه له شاری "دنبوش" و هەڵگری بروانامەی دكتۆرایه له زانستی كۆمەڵناسی له زانكۆی "تولبرگ"ی هۆڵەندی، له چۆنیەتی بەكارهێنانی رۆژئاوا بۆ فیكری ئابووریو مرۆیی دەكۆڵێتەوە كه چۆن كار لەسەر سیاسەتی حكومەتەكانی باشووردەكەن. "حوسێن" دەڵێت: زۆربەی گەشتیارانی سێكسی منداڵان ئەوانەن كه لەدەوڵەته دەوڵەمەندەكانن، دەرفەتەكانی خۆیان بۆ ئەم كاره له ولاته هەژارەكان دەرەخسێنن، كه سوود له نەبوونیو نەداری و دواكەوتوویی خێزانەكان وەردەگرن.

زۆرجار هۆڵەندیو فەرەنسیو بەلجیكیو ئەڵمانەكان بۆ دەسكەوتنی نێچیرەكانیان بۆ میسرو مەغریب گەشتدەكەن، هەروەها تۆریستەكانی ژاپۆنیش گەشت بۆ تایلەند دەكەنو ئەمریكیەكانیش بۆ هەمان مەبەست بۆ مەكسیكو ئەمریكای ناوەراست گەشتدەكەن. رۆژنامەكانیش یەك لەدوای یەك هەواڵی لاساری یاسایی ئەم گەشتیارانه بلاودەكەنەوە، زۆربەی ئەم تۆریستانه تەنها بۆ ئەم مەبەسته گەشتی ئەم ولاتانه دەكەن، چونكه یاسای ولاتانی خۆیان رێگه بەم دیارده بێزراوانه نادەن، بۆ راكێشانی سەرنجی جیهان بۆ لای ئەم دیاردەبێزراوە، له ساڵی ١٩٩٦ له ستوكهۆڵم و ساڵی ٢٠٠١ له یۆكۆهاما كۆنگرەی جیهانی بۆ رووبەرووبوونەوەی خراپ بەكارهێنانی بازرگانی سێكس بەسترا.

دادگای مالمۆی سویدی له ساڵی ٢٠٠٦ هەرزەكارێكی رووبەرووی دادگاكردەوە، بەوه تاوانباركرابوو كه پەیوەندی سێكسی لەگەڵ چەند منداڵێك بەستووە، تۆمەتی ئەوەی درایه پاڵ كه لەرووی سێكسەوه بەكاریهێناونو دەستدرێژی سێكسی كردوته سەریان، ئەم هەرزەكاره دانینا بەتاوانەكانی و ئەوەشی باسكرد كه له رێگای ئینتەرنێتەوە لاوان كێشدەكات.



**هەرچەندە ئاینی ئیسلام نێربازی قەدەغەکردووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە بەربەست لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی نهێنی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا.**

لە "ئەگادیر"ی مەغریب دەسەڵاتدارانی ئاسایش چوار تۆریستی سادی ئەڵمانیایی بەندکرد، کە چەند منداڵێکیان کردبوونە قوربانی بەتاڵکردنەوەی هەوەسە سێکسیەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە پارەیان بەکارهێنابوو، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە بەبەڵگەوە گیرابوون.

ئامارەکانی ئەم وڵاتە دەریانخستبوو کە ٣٠ حاڵەتی لادانی سێکسی و ئەتککردنی پەککەوتەو تووندوتیژی کە تیایدا ٩٠کەس تاوانبارکراون و لە ناویاندا تۆریستێکی بیانی هەیە کەناوی"کروفست کریستۆف"ە و دەستی هەیە لە لادانی سێکسی لەگەڵ پەککەوتوان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، هەروەها دادگایەکە تۆمەتی خستەپاڵ تۆریستێکی ئەڵمانی کەناوی "مینیك رۆلف"ە دوای ئەوەی پۆلیس لە حاڵەتی رووداودا کە خەریکی ئەتککردنی پەککەوتوێك بوو دەستگیریکرد ، هەروەها لە پرۆسەیەکی هاوبەشی پۆلیسی ئەوروپادا لە ساڵی٢٠٠٧ تۆڕێکی بازرگانی نێودەوڵەتی سێکسی منداڵان دەسگیرکرا.

لە واشنتۆندا وەزیری دادی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دا رایگەیاند کە ١٠٠ کەسیان دەستگیرکردووە، کە لە تۆڕێکی نێودەوڵەتیدان کە منداڵان لە فیلم و گۆڤاری سێکسی یاساخ بەکاردێنن‌و لە رێگای ئینتەرنێتەوە رەواج بۆ کارەکانیان دەکەن.

لە هۆڵەندا سایتی"ئیلاف" چاوی بە لاوێکی عێراقی کەوت، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، لە وڵاتەکەی خۆی هەڵاتووەو مافی پەنابەری وەرگرتووە، دەریخست کە کاری سێکسی لەگەڵ دەیان پیاو ئەنجامداوە، دەڵێ: کاتێك ویستم رابکەم، هەرەشەیان ئەوەیان لێکردم کە ئەو وێنانەم بڵاودەکەنەوە کە لە کاتی سێکسکردن گرتویانن، هەروەها گوتی: ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی هۆڵەندا لەژێرچارەسەردام. سەبارەت بەوەی کە بۆچی داوای پەنابەری کردووە، گوتی: چونکە کەسوکارەکانم گەفی کوشتنیان لێکردم، بۆ سرینەوەی لەکەی شەرمەزاریان بۆیە بەناچاری کۆچمکرد.

راپۆرتی تۆڕی راگەیاندنی هەرێمی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لێدوانی"شێخ حوسێن سالح"ی بڵاوکردەوە، کە پیاوێکی ئاینی عێراقیە و دانینا بەوەی کە ئەم دیاردەیە لە عێراق بڵاوبۆتەوە، رایگەیاند: " بە پێی یاساکانی شەرەف‌و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ماڵباتەکانیان پێویستە کە ئەم منداڵانە بکوژن، سەرەرای ئەوەی ئەگەر ئەم منداڵانە ناچارکرابن یان بە ئارەزووی خۆیان ئەم کارەیان کردبێت".

هەرچەندە ئاینی ئیسلام نێربازی قەدەغەکردووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە بەربەست لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی نهێنی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا.

سەرەرای ئەوەی کە بەدرێژایی مێژوو ئەم دیاردەی نێربازی‌و سێکسکردن لەگەڵ منداڵان لە هیچ کۆمەڵگایەك نەبۆتە بەشێك لە رۆشنبیریەکەیان، بەڵام هەندێ شارستانی وەکو یۆنانی دانیاناوە بەم دیاردەیەو بەشەرعی ناساندویانە.

زانای دەروونناس"فرۆید" لە کتێبەکەیدا کە ساڵی ١٩٠٥ بڵاویکردەوە، دەریخستووە کە ئەوانەی ئەم رەفتارانە دەکەن هیچ گرفتێکیان نیە لە راپەڕاندنی چالاکیەکانیان، گوتویەتی: ژینگەی شارستانی‌و کۆمەڵایەتی پلەی بڵاوبوونەوەی لادانی سێکسی دیاریدەکات، پێیوایە ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن ئەم دیاردەیە کەمبکنەوە، سەبارەت بە سێکسی هاورەگەزی ژنان، فرۆید پێی وایە کە ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی هەستی رق لێبوونەوەی ژنانە بەرامبەر پیاوان.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان، لادانی سێکسی لە لیستی نەخۆشیە دەروونیەکان خستەدەرەوە و کۆمەڵگای ئەوروپیش خەریکە تێگەیشتن بۆ دیاردەی ماسۆشیەت پەیدابکات بەوپێیەی کە دیاردەیەکی سروشتیە. سەرەرای ئەوەی کەزانست بەڵگەی تەواوی دەستنەکەوتووە، کە هۆکاری ئەندامی‌و ئەفرێنەری لەپاڵ ئەم جۆرە سێکسکردنە بێت، بەڵام هەندێ لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە رەنگە هۆکاری بۆماوەیی رۆڵی هەبێ لەم دیاردەیەدا.

لەم دواییانە زانست بەوە گەیشت کە هەندێ نەخۆش کە تووشی هۆرمۆنی نێرینە دەبن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە (جیناتەکان) تووشی رێژەیەکی بەرزی هۆرمۆنی نێرینە ببن، بەڵام مێینەکان ئەوانەی کە تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن، ئەگەری زۆر هەیە کە لە دوارۆژدا ببن بە هاورەگەزباز(سحاقیات).

لەشاری "ئایندهۆڤن"ی هۆڵەندا "هانس"ی پزیشکی ددان تووشی لادانی سێکسی بووە و کارەکەی بەوریایی ئەنجامدەدات، بەڵام خێزانە موسڵمانەکان کە پێیانزانی لێی دوورکەوتنەوە، ئەو بۆ نووسەری ئەم وتارە رایگەیاند کە هۆکاری لادانی سێکسیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێزبوونەوەی لە ژنان، هەروەها دەڵێ: ژیانێکی سروشتی دەژیم، سروشتیتر لەوانەی کە بە لادەری سێکسیمان تێدەگەن. "هانس" لەگەڵ برادەرێکی دەژی و لە پشووی کۆتایی هەفتە دێتەلای‌و سێکسی لەگەڵ دەکا.

کێشەی گەورە کە رووبەرووی جیهان بۆتەوەو چارەسەریشی ئەستەمە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەرێگەی فیلم‌و پێگە خراپەکانی ئینتەرنێتەوە، فیلم‌و وێنەی سێکسکردن لەگەڵ منداڵان بڵاوبۆتەوە، ، کە ئێستا مەحاڵە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن.